یانێی پاریس سان جێرمان گرێبەستێکی لەگەڵ مارکۆ ئەسێنسیۆ ئەنجامدا

یانێی پاریس سان جێرمان ڕۆژی پێنجشەممە گرێبەستێکی لەگەڵ هێرشبەری ئیسپانی "مارکۆ ئەسێنسیۆ" بە ماوەی سێ وەرز ڕاگەیاند تاوەکو مانگی حوزەیرانی 2026 بە گرێبەستێکی خەڵایی دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانێی ڕیال مەدرید.

ئەسێنسیۆ لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: "شەرەفێکی گەورەیە کە بەشێک بم لەم یانێ جوانە، کە پاریس سان جێرمانە".

وتیشی، بە پەرەشم بە ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ نوێیەکانمدا کار بکەم بە گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکان.

ئەسێنسیۆ دووەم گرێبەستی یانێی پاریسە، دوای ئەوەی یانێکە لەگەڵ بەرگریکاری سلێڤاکی "میلان سکریتیار" گرێبەستی واژوو کرد، دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئینتەرمیلان.

ئەسێنسیۆی تەمەن 27 ساڵان لە ساڵی 2013 لەگەڵ ڕیال مایەرکای ئیسپانی یاری کرد، پێش ئەوەی لە ساڵی 2014 بەوات بە ڕیال مەدرید، لەوێ 286 یاری لە هەموو پێشبڕکێکاندا ئەنجام داوە.

ئەسێنسیۆ لە ماوەی نە ساڵدا هەموو خەڵاتەکانی لەگەڵ ڕیال مەدرید بردووەتەوە، 17 نازناوی بەدەستهێناوە، لەوانە 3 نازناوە خولی پاڵەوانێکانی ئەوروپا، 4 نازناوی جامی جیهانی یانێکان، 3 نازناوی جامی سوپەری ئەوروپا، 3 نازناوی لالیگا "خولی ئیسپانی"، 3 نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا،

لگ یک نازناوی جامی شای ئیسپانیا.